# ئیفلیج بوونی مادەی 140 و ئەزموونی کوردی چ پەیامێک دەگەیەنێ؟...

بەشی یەکەم



**سەدیق سالح عەزیز**

بە بۆنەی جێبەجێ نەکردن و کۆتایی هاتنی وادەی مادەی 140 ی دەستووری بەناو هەمیشەیی عیراق کە دەکاتە ئیفلیج بوونی ئەم ماددەیە، بەندە دەمەوێ هەڵسەنگاندنێک لەسەر هۆکارەکانی جێ بەجێ نەکردن و دەستی دەستی پێکردنی ئەم ماددە دەستووریە و دەرس و پەیامەکانی ئەم سەرەنجامە ناخۆشە تێکەڵ بە ئەزموونی کوردی بکەم و پێشکەش بە ئێوەی بەرێزی بکەم، بە هیوای ئەوەی کە توانیبێتم، تیشکێک ئەگەر کەمیش بێت بخەمە سەر لایەنە بەهێز و لاوازەکان، گەشاوەو تاریکەکانی جووڵانەوەی کوردی. خۆشحاڵ دەبووم کە خوێنەری ئازیز بە تێبینی و ئیزافەکردن  یا ڕاست کردنەوەی کەم وکوڕیەکانم ئەم ووتارە دەوڵەمەند بکەن.





خۆتان دەزانن کە مادەی 140، گواستنەوەی مادەی 58 قانونی ئیدارەی دەولەتە بۆ ناو دەستووری بە ناو هەمیشەیی عیراق کە زۆرینەی 80% خەلکی عیراق لە سەرەتای سالی 2005 وە دەنگی بۆ داوە. لە دوای ڕوخانی رژێمی بەعس لە بەهاری سالی 2003 دا، مەجلیسی حوکم یاسای ئیدارەی دەولەتی بۆ قۆناغی گواستنەوە دارشت بۆ ئەوەی دوابەدوای ڕوخانی ڕژێم بۆشایی حوکمرانی لە عیراقی پاش سەددام پڕ بکاتەوە کە تیایا بە هەولی سەرکردایەتی کورد مافە سەرەکیەکانی گەلی کورد لە مادەی 58 رەنگی دابووەوە. ئەم مادەیە  بۆ ئەوەبوو کە سنووری نوێی هەرێمی کوردستان لە پاش گەرانەوەی ناوچە دابراوەکان دیاری بکات. خۆی مادەی 140ی دەستوور هەر هەمان مادەی 58 ە و چوارچێوەیەکی زەمەنی بۆ دانراوە کە دەبوایە لە کۆتایی ساڵی 2007 دا جێ بەجێ بکرایە و تیایا ناوچە تازە بە ناو رزگارکراوەکان لەدوای قۆناغی ئاساییکردنەوە و سەرژمێری کە ئامادەکاریە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم مادەیە، لە ڕیفراندۆمێکدا بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستانی بە ناو فیدرال، ئەم ناوچانەش تەواوی پارێزگەی کەرکوک و گەلێک لە ناوچەکانی موسل و دیالەش دەگریتەوە.

خەڵک بە هەناسە سواری چاوەڕوانی کۆتایی ئەمساڵیان دەکرد، دەبوایە مادەکە لە کۆتایی ساڵی 2007 جێ بەجێ بکرێ، گەلی کورد دەیویست بزانێ ئەم وەعدو گفتەی سەرکردەکانی کورد گوایە کەرکوک قودس و دڵی کوردستانە بە کوێ دەگا، یان سوور بوونی خۆیان نیشان دەدا دەیانگوت مادامەکی مادەی 140 مادەیەکی دەستووری هەمیشەیی عیراقی فیدراڵە، بۆیە دەبێ لە وادەی خۆیدا جێ بەجێ بکرێ، ئەگەر نا قەبووڵ ناکەین و وا دەکەین و وا دەکەین بە چی دەگا! بەراستی تاقی کردنەوەیەکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی هەردوولامان چ کۆمەڵانی خەلک وە چ دەسەڵاتی کوردی بە باشی یەکتر بناسین.

ئەمرۆ شک نەماوەتەوە کە لایەنی عەرەبی لە سەردەمی سەرەک وەزیران عەللاوی و پاشان جەعفەری و لە دوای ئەم هەلبژاردنەی 2005 یش کە پەرلەمان و حکومەتی سەرۆک وەزیران نوری مالیکی لێ هاتە کایەوە کە کوردیش تیایا بەشدارە و تەنانەت یەکێ لەو خاڵە گرنگانەی کە مالکی خستویەتیە ناو بەرنامەی کاری خۆیەوە مادەی 140 بوو و بەدیار کەوت کە لایەنی عەرەبی بە شیعەو سونەیەوە، دەستی دەستیان بە مادەی 58 و پاشان بە مادەی 140 کردووە.

دەرکەوت کە دەسەلاتی کوردی بە خۆشییەوە بە پێشنیارەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕازی بووە، کە دەڵێ مادەی 140 بۆ ماوەی 6 مانگ درێژ دەبێتەوە، هەروەک چوونی کۆندالیزا ڕایسیش بۆ شاری کەرکوک پەیامێکی باشی نەگەیاند، نوێنەرانی کوردیش لە بەغدا جەختیان لەسەر ڕاستی ئەم مەسەلەیە کردۆتەوە. دوا جار پەرلەمانی بێخەمی کوردستانیش هەر وەک جێ بەجێکەرێکی ئەم سیاسەتە دەنگیان لە سەر درێژ کردنەوەی ئەم مادە دەستووریەدا. بەم جۆرە مافەکانی گەلی کورد بۆ جارێکی تریش کەوتە قوڕگی نەهەنگەوە، هیوایەکی ئەوتۆ نەماوە مەگەر ئەوەندە نەبێ ناوە ناوە شەش مانگی تر درێژ بکرێتەوە، یان ئەگەر موعجیزەیەک لە ئاسمانا بێتە خوارەوەو دنیا سەر لە نوێ دابڕێژێتەوە. خۆ ئەگەر بواری درێژ کردنەوەش نەبوایە دەسەڵاتی کوردی وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی کە دەرس لە هەڵەکانی وەرناگرێ، دیارە زوو ڕابردووی لە بیر دەچیتەوە، هیچ پلانێک یان ئەلتەر نەتیڤێکی نەبووە. چاوەڕوانیش ناکرێ لە دوای ئەو شەش مانگەش شتێکی ئەوتۆ جێ بەجێ بکرێ کە ئاشکرایە دیسان ئەم مادەیە دەستی دەستی پی دەکرێ، وەک جاران بەربەستی دەخەنە پێشی.

شایانی گوتنە ئێمە مەبەستمان ئەوە نیە کە بلێین هیچ نەکراوە بۆ کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان، بەڵام ئەگەر بەراوردی ئەم پێشبڕکێیەی پارتی و یەکێتی بکەین کە دەڵێین قودس و دڵی کوردستان لە سەر کەرکووک، ئەگەر تەماشای کەرکووک بکەین کە چەقی خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردستانە، لە چاو ئەو توانا ئابووری و سیاسیە زۆرو زەبەندەی لەبەردەستیان بووە، ئەوە بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێن کە کەمتەرخەمیەکی ئاشکرا کراوە، خەمساردیەکی زۆری پێوە دیارە. خۆ ئەوەی کراویشە بە هەنگاوی کیسەڵ بەڕێوە چووە و هیچ گرنتیەک نیە هەروەک نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئاشکرا لە ناو حورمەتی پەرلەمانی کوردستان بەڕووی نوێنەرانی کوردی دادا. بۆیە دوور نیە پاراستنی ئەم دەسکەوتە کەمەش کە بەدەست هاتووە، لەماوەیەکی کورتدا، لە هەڵەیەکی تردا لە دەستی بدەین. پێناچێ کە دەسەڵاتی کوردی هیچ هەڵوێستێکی توند بۆ خاتری جێ بەجێ کردنی ماددەی 140 بنوێنێ بە حکومەتی عیراقی یا بەرامبەر بە ئەمریکا وە ئەگەر هەڵوێستێکیش بنوێنێ ئەوە زۆرتر پەیوەندی بە بووجەی هەرێم و گرێبەستە نەوتیەکانەوە هەیە واتە ئامانجی جێ بەجێ کردنی مادەی 140 بە پلەی دووەم

هاتووە، چونکە دەستیان لێ شتووەو دەزانن کار لە کار ترازاوە. دەسەڵاتی کوردی لەوە حاڵین کە ئەم مادەیە جێ بەجێ ناکرێ، بەڵام کە بەشێوەیەکی دیپلۆماسی لەناو خەڵکی باسی دەکەن و ئاشکرای ناکەن ئەوە شتێکی ترە، بە حیسابی خۆیان نایانەوێ باری هێمنی تێک بدەن و جەماوەر بشڵەژێنن. بەم جۆرە ئاسۆیەکی نادیاری پڕ لە پرسیار چاوەروانی گەلەکەمان دەکات.

ئاشکرایە دەسەلاتی کوردی قەت نەیویستووە دان بەوە دابنێ کە ئەم مادە دەستووریە لە وادەی خۆیدا جێ بەجێ ناکرێ لەبەر هەستیاری ئەم بابەتە، بەرادەیەک جاری وا هەبووە هەر کەسیک بیگوتبا ئەم مادەیە لە کاتی خۆیدا جێ بەجێ ناکرێ لەبەر ئەم هۆیانە کە حەتمەن یەکێکیان کەمتەرخەمی دەسەڵاتی کوردیە، کەسی وا هەبووە دەماری گرژ بووەو یەکسەر تۆمەتی گێرەشێوێن و رەشبینی دەخستیتە پاڵ، ڕەنگە خەلکی نەفامی واش هەبووبێ بە تابوری پێنجەمیشی لە قەڵەم دابوای! مەسەلی کوردی دەڵێ مانگا بە نهێنی ئاوس دەبێ بەلام بە ئاشکرا دەزێ! ئەم جۆرە چەواشەکاریە، سالانی 1973-1975 م بە بیر دێنێتەوە کە وەها بە خراپی لە خەڵکی پیشمەرگەو لە جەماوەریان گەیاندبوو (من باسی ناوچەی حاجی ئۆمەران دەکەم) کە شاهەنشای ئێران دلسۆزی کوردە، کەسانی نەفامی وا هەبوو دەیگوت شا هەروەک بارزانی باوکی کوردە! ئەگەر بتگوتبا شا باوکی کورد نیە ڕەنگ بوو بە چاوێکی خراپ سەیری بکردبای! زۆر بە داخەوە کورد دووربین نیە، کورتبینە هەتا لێی نەقەومێ، زرمەی لێ هەڵنەستێ نازانێ ڕاستی چیە.

بە داخەوە سەکردایەتی کوردی هەموو کەموو کوری و ساردی هەنگاوەکان، هەڵەکان دەگێڕنەوە بۆ حکومەتی عیراقی، لە کاتێکدا خۆیان بەشێکن لە حکومەتی عیراقی و تا ئەو جێگەیەی سەکۆماریش کوردە. دەسەڵاتی کوردی فێری ئەوە نەبووە کە ڕەخنە لە خۆی بگرێ، لەم چەند ساڵەی حوکم کردنیشیان، بەدیارکەوتووە کە ڕەخنە بەندی هەڵگرتووەو گوێ لە ڕەخنە بنیات نەرەکانیش ناگرێ، زۆر جاران بە جوێن ناوی دەبا، چونکە دلّی ناخۆش دەکات، پێی پەست دەبێ. ئەوان ڕەخنەیەکیان دەوێ کە پێچراوە بێ لەناو چواچێوەی ستایش و پیاهەڵدانا، کە ڕەخنە ماناو پەیامی خۆی لە دەست دەدات. ئەم نەخۆشی خۆ بە زلزانینە، دەردێکی کوشندەیە، ئەم دەردەی بەخۆدا نەچوونەوە، ئەم گیانی بشفرِی هەر بزنە، کۆنترۆلی ناخی تاکی کوردی کردووە بە تایبەتی سەرکردەکان کە لەسەر کۆمەڵانی خەلکیش ڕەنگی داڕشتووە. ئەم وەرنەگرتنی ڕەخنەیە وەها لە دەسەڵاتی کوردی دەکا تەنیا ووشەی خۆشی چەند ماستاوچیەک وەربگرێ و پێی بڕوا بکات، ئەو ڕەخنانەش کە پەستیان دەکات فرِیی دەدەن ئەگەر سزای بە دواوە نەبێت. ئەم جۆرە بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتە وا لە دەسەڵاتی کوردی دەکا وێنەیەکی چەوتی دەورو بەری خۆی و باروودۆخەکەی لەلا درووست ببێ، ئینجا هەڵەی جۆراو جۆر دەکات و لە ناکاو دەکەوێتە هەڵدێرێکەوە، کە ئەوکاتە چارەسەری زەحمەت دەبێ. ئەم کەلتوورە لە ناو ناخی سەرکردەکان چەسپیوە و ڕەچاوی بە خۆداچوونەوە و ڕەخنە لەخۆ گرتن لە ئاستێکی نزم دایە و تازە بە تازەش بوەڕ ناکەم چارەسەر بکرێ.

بەندە دەتوانم بڵێم جێ بەجێ نەکردنی مادەی 140 و ئەزمونی کوردی ئەو چەند پەیام و دەرسەمان پێ ڕا دەگەیەنێ، کە پێویستە دەسەڵاتی کوردی بە هەندی هەڵبگرێ:

1- ئەوە ئاشکرا بوو کە مادەی 140 چەکێکی دوو سەرەیە بۆ قازانجی گەلی کوردو لە هەندێ شوێن بە زەرەری گەلی کوردیشە لە هەمان کاتدا. ئەم مادەیە بە شێوەیەک داڕیژراوە کە لە دوا

جاردا کێی بە هێزتر بێ گرەوەکە دەباتەوە. عەرەبیش دەزانێ کە گرەوی هێز لە دوارۆژ بە قازانجی ئەوە بۆیە بۆ هەندێ قسەی خۆشی ناو دەستوور کە بە شێوەیەکی کاتی بە قازانجی کوردە خۆی خراپ ناکا. ئەوان شارەزاترن کە لە رۆژهەلاتی ناوەراست رێککەوتن و دەستوور هەمووی هەر مەرەکەبی سەر کاغەزن دوارۆژ لە بەرژەوەندی ئەوانە. ئەم مادەیەی دەستووری بەناو هەمیشەیی عیراق گوایە جەوهەری داواکاریەکانی گەلی کوردی تێدا کۆبۆتەوە، دەسکەوتێکی گەورەی گەلی کوردە، بەڵام راستیەکەی ئەوەیە کە ئەم مادەیە کەلینی گەورەشی تیایە، واتە سەرکردایەتی جوولانەوەی کوردی چەند هەوڵیان داوەو توانای خۆیان بە کارهێناوە بۆ دارشتنی مادەی 140 بەلام لایەنی عەرەبیش هەروەتر. جارێ من باسی ئەوە ناکەم کە سەرەتا دەسەلاتی کوردی نەدەبوایە ریفراندۆم لەسەر خاکی خۆمان بکەن. دەتوانم بڵێم کە سەکردایەتی کوردی دوور بین نەبووینە، لێزان نەبووینە، بۆ نموونە مەسەلەی گەرانەوەی ناوچە دابراوەکانیان بە هی هەموو عیراق بەستاوەتەوە کەچی هەتا بەم دواییەش ئەم هەقیقەتە شاراوە بوو، وەک ئەوەی مادەی 140 تەنیا بۆ گەلی کوردستانە هەر کەس نەیدەزانی ئەم ماددەیە هی هەموو عیراقیشە!! لە لایەکی ترەوە ئەم مادەیە چەشەیەکی زۆری دا بەو عەرەبانەی کە لە دوای پرۆسەی ئازادی لە کەرکوک و ناوچەکانی تر رایان کردبوو، جا لە ترسان بووبێ یا لەبەر هەر هۆیەک گەرابوونەوە باشووری عیراق، کە سەرلە نوێ بگەرێنەوە بۆ ناوچە تەعریبکراوەکانی خۆیان. دیارە زۆریان نیازی گەرانەوەیان هەر نەبوو بۆ شوێنە تەعریبکراوەکان، کەچی لە خۆشی پارەو ملک هەموویان گەرانەوەو شەرعیەت درا بە نیشتە جێبوونیان لە کەرکوک، ئەگەر ئەو مادەیەی 140 ئەم چەشەیەی تیا نەبوایە قەت نەدەگەرانەوە. لێرەدا دووربینی لایەنی عەرەبی دەردەکەوێ لە هەلسەنگاندنی ئەم مادەیەدا.

2- سەلمیندارا کە سەرکردایەتی کوردی پاشی ئەوەندە ئەزموونەی دوای راپەرینیش، هەتا لە پاشی روخانی رژێمیش لە سالی 2003 دا لە ئاستی ئەو بەرپرسیارێتیە مێژوویە دا نەبوونە، هەڵەی زۆریان کردووە، لە هەڵوێستیان بەرامبەر ئەمریکیەکان، لە دایەلۆک لەگەل حکومەتی عیراق ولایەنی عەرەبی بە تایبەتی لە سەر مەسەلەی هەڵوێستیان دوای رووخانی رژێم بۆ چەسپاندنی حەمرین وەک ئەمرێکی واقع بە سنووری هەرێمی کوردستان، پاشان لە دارشتنەوەی دەستوور کە چارەنووسی ناوچەکانی کوردستانیان خستە یانسیبێکەوە، بەوەی ریفراندۆم لەسەر خاکی خۆمان بکەین و ئەمەش سەرەنجامەکەیەتی!

دەسەلاتی کوردی کە گیرۆدەی چەندین نەخۆشی بووە وەک زاڵبوونی بۆچوونی تەسکی حیزبایەتی هەر دوو زلحیزبەکە لە هەموو دامەزراوەکانی حکومەتدا، لاوازی دیموکراسی، بەرتەسک کردنەوەی ئازادی بیرورا و مەسەلەی سەرکردە فایلدارەکان و فەرامۆش کردنی دادی کۆمەڵایەتی، بڵاو بوونەوەی هەژاری و کێشەیی نیشتەجێ بوون، دابین نەکردنی کارەبا و ئاوی پاک و سووتەمەنی، خراپ بەرێوەبردنی هەرێمی کوردستان کە دیاردەی گەندەڵی بێ سنوور و کوشتنی ژنان و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و کۆچ کردنی لاوان و سەردەمێک پەتای ئەنفلەوەنزای باڵند ەو یەکێکی تر پەتای کولێرا..هتد بەربلاون. لە سایەی ئەم بارودۆخەدا وا دیارە دەسەڵاتی کوردی بە تەواوی ئاوو هەوای سازگاریان بۆ سازش و پاشەکشە خولقاندووە ئەگەرنا بۆچی بەم بووجە زەبەلاحەوە خەمێکی ئەتۆیان لەم هەموو نەخۆشیە نەخواردووە و ناخۆن، کە کاتێکی زۆریان لەبەردەست بووە؟ هەموو شتێکیان بە تەمای قەزاو قەدەر بە جێ هێشتووە، هەتا ماددەی 58 و پاشان ماددەی 140 بەم رۆژە گەیشت. من دڵنیام دیسان وەکو

جاران دەمان خافڵێننەوە بە گفتێک یا وادەیەکی ناڕاستی تر. دەڵێم ئەگەر مەسئولیەتی سەرکردایەتی کردنی خەڵک ئەوها ئاسان بێ وەک ئەوانە دەیکەن، ئەوە بەبێ شک هەر کەسێکی ئاست نزمیش دەتوانێ سەرکردە بێ یا ڕابەر بێ، چونکە لەوە ئاسانتر نیە بڵێی چی دەبێ با ببێ. خەلک چی بەسەر دێ ئەوە موشکیلەی خۆیەتی. بۆیە داوای بەندە ئەوەیە کە سەکردایەتی کوردی بە بۆنەی کۆتایی هاتنی ساڵی 2007 وهاتنی ساڵی نوێی 2008 ەوە پێویستە بە جددی بە خۆیان و بیرکردنەوەکانیان دا بچنەوە، دەرس لە هەڵەکانی ڕابردوو وەربگرن، گوێ لە داواکاری و ڕەخنەکانی خەڵک بگرن و هەر ئەوانن کوڕی ڕۆژانی تەنگانەن. هەڵوێستی کشانەوە لە حکومەتی مالیکی یەکێ لە هەڵوێستەکان بێ، بۆ نموونە. ئەگەر بکرێ هەر حکومەتەکە هەڵوەشێنرێتەوە، ئەو مادەیەی دەستوور کە دەڵێ ئەگەر لایەنەکان پابەند نەبن بەم دەستوورە ، یەکێتی خاکی عیراق قودسیەتی نیە.



3- بیرو ئەندێشەی لایەنی عەرەبی و حکومەتی بەغدا هیچ گۆڕانێکی ڕیشەیی بەسەردا نەهاتوە لە تێڕوانینی بەرامبەر بە کێشەی گەلی کوردستان، ئەو نەرمیەی هەشە لەگەڵ ئێمەی کورد، ئەو دان پیانانەی هەشە بە هەندێ لە مافەکانمان، لەبەر ئەوەیە کە ڕژێمەکەی سەددام رووخاوە و لەبەر نەبوونی دارەو دەستەی دەوڵەتێکە کە ئاتاری لەسەر پاتاری نەماوە، لەبەر هەبوونی ئەمەریکا و لاوازی لایەنی عەرەبیە، هەروەها ئەلبەتە لەبەر ئامادەیی و هەبوونی گەلی کوردە لە مەیدانەکەدا. دەبێ ئەو هەقیقەتە بزانرێ کە لایەنی عەرەبی و بەغدا پێ بە پێی بە هێز بوونەوەیان زۆرتر مافەکانمان پێشێل دەکەن و گوشارمان دەخەنە سەر. ئەوە نیە وەزعی ناوەراستی عیراق تۆزێ ئارام بۆتەوە، لە لایەک مالیکی دەڵێ فیدرالی بۆ ئەمڕۆ دەبێتە هۆی دابەشکردنی عیراق بۆیە نابێ جێ بەجێ بکرێ، هەروەها حوسێن شارستانی ئینکاری گرێبەستە نەوتیەکانمان دەکات و لە لایەکی ترەوە مادەی 140 یان ئیفلیج کرد، ئێستاش وا خەریکن ڕێککەوتنە کۆنەکانی بەغدا لەگەڵ تورکیاو ئێران نوێ دەکەنەوە. ئەوە نیە حکومە مالیکی ڕێککەوتنی ئەمنی لەگەڵ تورکیا مۆر کردووە لە کاتێکدا ئێمە هاوپەیمانی ئەوانین لە حوکمدا، سەرۆک کۆمار و وەزیری دەرەوەش کوردن! ئەوە نیە دەیانەوێ ڕێککەوتنی 1975 شوومی جەزایر جارێکی تر نوێ بکەنەوە، کە جوولانەوەی کوردی تووشی هەرەس و نسکۆ کرد! حوکمەت بە ناو هی خۆمانە وپیلانیش لە دژی ئێمە، بەبەرچاومان دا گوڕڕەی دێ، بە ئاسانی تێی دەپەڕێنن! هەر بۆیە لایەنی عەرەبی وەستایانە سیاسەتی وەخت بەسەر بردنیان گرتۆتەبەر لەبەر ئەوەی کە بە قازانجیانە و دیارە بۆ ئەوان تاکتێکێکی زیرەکانەیە تا دۆست پەیدا دەکەنەوە، خۆیان ڕێک وبەهێز دەکەنەوە. بۆ ئێمەی کوردیش پاشەکشەیە، دالەنگاندنی بەرە بەرەیە، دۆست لەدەستدانە، بەرەو لاوازبوون و هەڵوەشانەوەیە. کەوایە لایەنی عەرەبی کە ئەم دەستی بە دەستیە بە مادەی 58 و مادەی 140 ی دەستوور دەکا، بەربەستی دەخاتە بەردەم، دیارە ئەم شەش مانگی درێژ کردنەوەش هەر بۆ هەمان مەبەستە. ئەم شەش مانگەش هەروەک وەختی زائیعی تیمەکانی تۆپی پێ وایە کە هیوایەکی ئەوتۆی لەسەر بینا ناکرێ. بۆ بەغدای عەرەبی ئەم درێژ کردنەوەیە تەنیا بۆ ئەوەیە کە سوود لە توخمی کات وەربگرن

ئاشکرایە لە بەرژەوەندی ئەواندایە، کوردیش تازە چارەی نیە دەبێ لەگەڵ ئەم زەمەنە بڕوات، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە چۆن ئەم شەش مانگە بە کار دەهێنێ، دەنا تەجرەبەکانی ئەم دواییە سەلماندی کە بۆچوونی عەرەبی نەگۆڕاوە لەسەر مەسەلەی کورد. سەدام ڕۆیی بەڵام بە دەیان سەددامی وەک سالح موتلەقی لەدوای خۆی پەروەردە کردووە، سەدام نەماوە بەڵام بیرو باوەڕە شۆڤینیستەکەی لەناو عەرەبدا هەر ماوە.

دەتوانم لێکچوونێکی زۆر ببینم لە نێوان پەیماننامەی سیڤەر لە 1920 کە مافەکانی کوردی تا رادەی سەربەخۆیی سەلمێندرا بوو، هەروەها مادەی 140ی ئەمڕۆ دوای داڕشتنەوەی دەستوور لە سالی 2005 کە فیدرالیەتی تیا سەلمێندرا و تا ڕادەیەکیش بەیانی 11ی ئازاری 1970 ش هەر بە هەمان شێوە. هەلەکان هەر هەمان هەلەن، هەڵسوکەوتی کورد زۆر نەگۆڕاوە.



دەولەتی عوسمانی بە دۆڕانی لە جەنگی جیهانی یەکەم هەڵوەشایەوە، بۆیە لە ناچاری و بێهێزی پەیمانی سیڤەری لە ساڵی 1920دا مۆر کرد، لەم پەیمانەدا دان بە مافەکانی گەلی کوردی دانراوە تاوەکو ڕاددەی سەربەخۆیش. ئێمەی کورد بەهۆی کەمی هوشیاری نەتەوایەتی و بە هۆی نەزانیمان، کەمالیستەکان توانیان بۆ ماوەیەک بە ناوی ئاینی ئیسلام لە خشتەمان ببەن و بەکارمان بێنن لە دژی یۆنانیەکان لە لایەک، هەروەها تورکەکان دەیانویست پەیوەندی نێوان جولانەوەی کوردی بە سەرۆکایەتی شێخی نەمر لەدژی ئینگلیزەکان بە کار بێنن لە لایەکی ترەوە نەوەک ئەم دوو جوولانەوەیە هاوکاری یەک بکەن، ئەو کاتە تورکیای ئەمڕۆ ئەسلەن ناوی لە کولەکەی تەڕیشا نەدەبوو، کەمالیستەکان ژێرکەوتوو دەبوون. هەموو هەوڵی تورکان بۆ ئەوە بووە کە جوولانەوەی کوردی بە شەڕی لاوەکی خەریک بکەن، بە گفتی درۆ هەڵمان خەلەتێنن تا ئەو کاتەی خۆیان ڕاست دەکەنەوە لەم شپرزەیی و لە ژێرکەوتنەی کە تێی کەوتوون، لەبەر ئەوەی تورک بە ئەسل خەڵکی ناوچەکە نەبوون وەک کەمینەیەک دەهاتنە بەرچاو لە دوای شکستەکە.

لە مفاوەزاتی ساڵانی1970- 1974 یش کە بەیانی 11 ئازاری درابوو، هەر بە هەمان شێوە ڕژێمی بەعس لەبەر لاوازی خۆی دانی بە هەندێ لە مافەکانی گەلی کورد دانا، بەڵام پێ بە پێی بە هێز بوونەوەی ڕژێمی بەعس، پیلان و گیروگرفتی بۆ جێ بەجێ نەکردنی بەیانەکە درووست دەکرد و ئەمریکاو ئێرانیش لەولاوە هانی خوالێخۆشبوو بارزانیان دەدا کە مل بۆ هیچ بەلێنێکی بەعس نەدا، چونکە ئەوان گوایە بە چەک و بە پارە تا سەر یارمەتی جوولانەوەی کوردی دەدەن! کەچی دوایی شا و ئەمریکا پیلانیان لێ گێڕاو لە ناویان برد. تا ئەو کاتەی بەعس بە هۆی هاوپەیمانی لەگەڵ شوعیەکان کە بەرەیەکیان لە ساڵی 1973 پێک هێنابوو و سۆڤیەتی ئەوسا خۆی بە هێز کردەوە ئینجا کەوتە دەرپەڕاندنی ئێمە لە شارەکان و کەوتە هێرش کردنی سەربازی. خۆشمان دەزانین کە ئەنجامی شەڕەکە بە ڕێککەوتنە شومەکەی

جەزایری بەهاری ساڵی 1975 گەیشت کە عیراق تەنازولی لە بەشێکی خاک و ئاوی خۆی کرد بۆ ئێرانی شا، لە بەرامبەردا شۆڕشی کوردی بە تەواوی کۆتایی پێ بهێنرێ، هەرەسی پێ بهێنرێ، ئەوەی ڕابردوو هەموو ئەم کارەساتە دڵتەزێنەی هێشتا چاک لە بیرە.

لە مفاوەزاتەکەی ساڵی 1983-1984 یش، ڕژێمی بەعس بە هۆی گیرۆدەبوونی شەڕیماڵوێرانی لەگەڵ ئیرانی خومەینیدا، تووشی پاشەکشە ببوو، مەترسی لەناوچونیان لە ئارادا بوو، هەر بۆیە بۆ ئەوەی ئێران لە جەبهەکانی کوردستان چیدی نەتوانێ هێرش بکا، خۆیشی لە جەبهەی لاوازی بەسرە و عەمارە بە هێز بکاتەوە، پێویستی بەم مفاوەزاتە هەبوو، بەڵام کە وەعدی لە وولآتانی ڕۆژئاوایی و وولآتانی عەرەبی پێدرابوو ئیدی ناهێڵن ڕژێمەکەی جەنابی سەدام بکەوێ، بۆ ئەوەی ڕێگە بگرن لە پەرەسەندن و ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی، بۆیە بەعس داواکاری و مافەکانی ئێمەی خستە لاوەو دیسان شەڕ لەگەڵ ڕژێمی بەعس دەستی پێکردەوە لە ساڵی 1985 دا.

4- جێ بەجێ نەکردنی مادەی 140 جارێکی تر سەلماندیەوە کە دەوڵەتی عێراق ئەگەر لاوازیش بێت دەتوانێ گەلی کورد بخافڵێنێ بۆ ئەوەی سوود لە کات وەرگرێ، سەرەتا لانی کەم هەولی ئەوە دەدات کە سوود لەم دەوڵەتانە وەرگرێ بۆ دژایەتی کردن و گوشار خستنە سەر جولانەوەی کوردی بۆ ئەوەی پاشەکشە بە داواکانی بکات، هەولی بۆ کۆبوونەوە چوار قۆلیە بەردەوامەکان هەر مەپرسە کە بە بەربووکی تورکیا دەکرێ لە نێوان تورکیاو عیراق و سوریاو ئێران دا جارێکیان لە شرم ئەلشیخ و جارێکیان لە ئەستەمبۆل و جارێکیان لە تاران. ئەو کۆبوونەوە دەوریانە حەتمەن خاڵێکی سەرەکیان هەر بۆ چۆنیەتی دژایەتی جوولانەوەی کوردیە. کەوایە ڕوخانی ڕژێم و دانانی مافەکانی کورد لە دەستوری هەمیشەییش بۆ دوژمنان هەر بە تاکتیکێک حیساب دەکرێ، هەقمە بڵێم ئەو نەتەوانەی دەورو بەر زۆر شارەزاترن لەم جۆرە تاکتیکانە، چونکە مێژوویەکی پڕ لە ئەزموونی درۆ و دەلەسەی ڕێککەوتنەکانیان هەیە. بۆیە ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش باسی مافەکانی گەلی کورد بکەن ئەوە پاشان دێنەوە دۆخی جارانی خۆیان بۆ دژایەتی جولانەوی کوردی کە فرچکیان پێوە گرتووە. وەک دەڵێن( عادت حلیمە الی عادتها القدیمە).



ئەگەر ئەمرۆ تورکیا گوایە هێرشێکی سنووردار دەکاتە ناوچە سنووریەکانی قەندیل و خواکورک بە فرۆکەو بە لەشکر کە دەمێکە هەرەشەو گورەشە دەکا، دەبێ ئەوە بزانین کە لە ئەنجامی ئەو ڕێککەوتنە بووە کە مالیکی لەگەڵ تورکیا مۆرکراوە ئەمریکاش بە هۆی گلۆپی سەوزی خۆی پشتگیری کردووە. بۆیە من دەڵێم ئەو لەشکرەکێشیەو ئەو هێرشە بە ناو سنووردارانەی تورکیا بۆ ناوچەکانی کێوی قەندیل وەک چەکوشێکی ئامادە لە دژی هەر نیازو جوولانەوەیەکی کوردیە چ لە بەشی تورکیا و چ لەبەشی باشوری کوردستان. هاوکاتی ئەم هێرشە لەگەڵ کۆتایی هاتنی

جێبەجێ کردنی مادەی 140 و کێشەی کەرکوک و هاتنی کۆندۆلیسا رایس و دابەزینی لە شاری کەرکوک، هەر هەمان پەیامی گوشاری لە دژی جووڵانەوەی کوردی پێیە. بۆیە هیچ دوور نیە لە دوای ئەم زستانە، واتە بەهاری داهاتوو کە باس وخواسی مادەی 140 دیسان گەرمی بەخۆی دەبینێتەوە، ئەمجارەیان تورکیا هێرشێکی بەربلاو بکاتە سەر قوولایی هەرێمی کوردستان و تەجرەبەکەمان بە یەکجاری تووشی پاشەکشە بکات. ئەمجارەیان نسکۆیەکی ترمان توش دەبێ کە ڕەنگە ماوەیەکی درێژی بوێ هەلسینەوە، بە تایبەتی دیارە بە دیارکەوت دنیای دەورو بەرو دەرەوە هیچ هەڵوێستێکی جدیان نیە لە بەرامبەر ئەم هێرشە بە حیساب سنووردارە، ڕاگەیاندنەکان بە لاوەکی باسی دەکەن. دیارە هەمان بەهاری ساڵی 1991 نیە بەڵام هەمان هەوارە. ئاخۆ دەسەلاتی کوردی ئامادەیی بۆ ئەو ئەگەرە وەرگرتووە؟ یان چی دەکا لە کاتی هێرشێکی بەر فراوانی تورکیادا؟

5- سەلمێندرا کە عەرەب چ شیعەو چ سوننە بە هەمان ئاست لە دژی داخوازیەکانی گەلی کوردن، بەڵام هەرچی شیعەیە زۆرتر لە سوننە دیماگۆگی و فێلباز ترە لەبەر ئەوەی یەکەم جارە دەسەڵاتیان دەکەویتە دەست، بەوەی لەسەرەوە دان بە مافەکانمان دادەنی و لە ژێرەوەش پیلانمان لەدژ دەگێڕێ، هەروەک ئەم رێککەتنەی وەزیری ناوخۆ و پاشان مالیکی سەرۆک وەزیر لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا کردیان لە دژی جولانەوەی کورد بە گشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی. تەگەرە و کۆسپ خستنە بەردەم مادەی 140 یش هەر مەپرسە. شیعە دەرفەتی هەبێ جوولانەوەی کوردی بە دژی شۆڕشی ئیسلامی و دین لەقەڵەم دەدا واتە لە سوننەکان کەمترمان پێناکەن. خۆ ئەوانیش وەک مەزهەبی شیعە بیروباوەڕیان نزیکە لە شیعەی ئێران. ئایا دەوڵەتی ئێران چی خراپێ بە جوولانەوەی کوردی نەکردووە بە کوشتن و بڕین و بە سووتاندنی دێهاتەکانمان و تا دەگاتە پیلانی کوشتنی قاسملۆو شەرەفکەندی!

ڕیککەوتنی چوار قۆلی هاوپەیمانی کوردستان لەگەل مەجلیسی ئەعلاو لەگەل دەعوەی مالیکی، وە ئەم ڕێککەوتنەی بەم دواییەش لەگەڵ طاریق الهاشمی حیزبی ئیسلامی عیراقی، کە ناوی دەبەن بە ڕێککەوتنی میانڕەوەکان، ناتوانێ لە گەورەیی پیلان و لە قەبارەی ئێش و ئازاری گەلی کورد کەم بکاتەوە. خۆ ئێمە ڕێککەتنمان لەگەل مالیکی و لیستی ئیئتیلاف هەبوو کەچی هەر ئەو مالکیە و لیستی ئیئتیلاف پیلانیان لێمان گێڕاو بە ڕێککەوتنە شوومەکەیان لەگەل تورکیادا وەهایان کرد کە تورکیایەک لە خوای دەویست، بەرق ئاسا هێرش بکاتە سەر قەندیلی کوردستان! هەر ئەم طاریق الهاشمیەش ئەگەر دەسەڵات و توانای زۆرتر هەبێ، هەر هەمان پیلان لە دژی کورد دەکات، جارێ لە ئێستاوە، لە بەردەم پیرۆزیەکانی هەڵەبجە بێ شەرمانە گوتی سولتان هاشم تەنیا ئەوامری سەروتری جێ بەجێ کردووە، بی گوناهە و هەقی ئیعدامی نیە!! هەتا ڕەخنەی لە دەسەڵاتی کوردیش گرت کە چۆن تا ئێستا هیچ بۆ هەڵەبجە نەکراوە! دە فەرموو ئەم هاشمیە چاوەڕوانی چی لێ دەکرێ!



6- سەلمێندرا کە دۆستایەتی و هاوپەیمانێتی ئێمە لەگەل ئەمریکا هیچ بنەمایەکی ستراتیجی نیە، هیچ گرێبەستێک نیە لە نێوانمان، ئەوە تەنیا خۆمانین خۆمان بە ئەمریکا هەڵواسیوە، دیارە لەبەر بێ کەسییە، دەنا ئەمریکا دۆستی ئەوانەیە کە هێزو سەنگیان لە کورد زیاترە، دۆستی ئەوانەیە بتوانێ باشتر بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا بپارێزی. بۆ نموونە چالاکیە هاوبەشەکانی تورکیاو ئەمریکاو عیراق لە دژی گەلی کورد لەسەر سنوورە دەسکردەکان و لیدانی پکک و پژاک، کە ئەوانە هەموو کەس دەزانی بە هیچ پێوانەیەک تیرۆریست نین بەڵکە دەوڵەتی تورکیا تیرۆریستە، بەڵکە تورکیا هەڵگری بیری فاشستیە لە دنیای ئینتەرنێت و جهانگیریدا، تا ئێستا باوەڕی بە بیری کەمالیستی ژەنگاوی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی 1920! تا ئێستا باوەڕی بەوە هەیە کە هەرچی لە تورکیادا دەژی دەبێ تورک بێ! کەچی هەر ئەم تورکیایە بوو کە لە پرۆسەی ئازادی عیراق لە دژی سەددام ی 2003 دا بواری نەدا کە لەشکری ئەمریکا لە تورکیاوە بێتە عێراقەوە، ئێستاش وا بە گلۆپی سەوزی ئەمریکی دەولەتی تورک دێهاتەکانمان وێران دەکات، وەک دەڵین سیاسەت ئەخلاقی تێدا نیە! نەخۆشخانە و قوتابخانەکان تەخت دەکات، منداڵو پیر دەکوژێ، کچ وکوڕانی کورد دەکوژێ، خەلکی بێگوناهی سڤیل دەکوژرێ! مەڕوماڵاتیان دەکوژرێ، یەک دەوڵەتی دنیا ناڵی تورکیا بۆ وا دەکەی، دەسەڵاتی کوردیش هیچ ئامادەکاری و پلانێکی پێشوەختی نیە و خۆیشی نازانێ چی دەکا!




سەیری ئەمریکا بکەن کە چۆن سەنگەری مجاهدین خەلقیان لە تیرۆریستیەوە گواستەوە بۆ هاوپەیمان، یان چۆن سەنگەری تیرۆریستە سوننەکانیان گواستەوە بۆ هاوپەیمان کە خۆیان بە مقاوەمەت وەسف دەکرد و سەحوەیان لێ دروست کردووە. ئەوانە بە سەدان سەربازی ئەمریکیان کوشت و کێشەیەکی گەورەیان بۆ جۆرج بوش درووست کرد، ئەوەندە کاریگەریان هەبوو کە لە

هەڵبژاردنەکانی کۆنگریسدا دیموکراتەکان بردیانەوە و ئێستاکەشی لەگەڵدابێ باجەکەی دەدات. ئەم سوننە تیرۆریستانە ئەمڕۆکە دۆستی لە پێشی ئەمریکان وناوی تیرۆریستیان لە سەر سڕاوەتەوەو خەریکن بە بە هێزی باسکی خۆیان و بە یارمەتی دەوڵەتە عەرەبیەکان و تورکیای ئیسلامی سوونە مەزەب، تەرازووی هێز بە قازانجی خۆیان دەشکێننەوە. بە دووری مەبینن کە ببنەوە هێزی یەکەم لە عیراقدا. لێرەشدا کورد پێشبینی ئەم حاڵەتەی نەکردبوو.

بەم جۆرە سەلمێندرا کە چەمگی تیرۆریش هیچ پێوانەیەکی نیە هەر کەسە و هەر دەولەتەو بە گویرەی بەرژەوەندیەکانی خۆی شیی دەکاتەوە. هەر جوولانەوەیەک لە بەرژەوەندی ئەمریکا یا لە بەرژەوەندی تورکیا نەبێ بە تیرۆریست حیساب دەکرێ ئەگەر داواکاریەکانیشی ڕەوا و هەق بێت. جارێ تورکیا هەر کوردبوون و تیرۆر بە یەکەوە دەبەستێتەوە. ئەمانە بارو دۆخێکیان بۆ کوردستانی عیراق و جوولانەوەی کوردی خولقاندووە کە دەسەڵاتی کوردی بە هەر شێوەیەک هەلوێستێکی جددی وەربگرێ بۆ داوای مافەکانی گەلی کوردستانی عیراق بە دوور نازانرێ بیخەنە خانەی تیرۆرەوە. بە ڕاستی ئەم گوتەیە زۆر ڕاستە کە سیاسیە قالبووەکان دەیڵێن: لە دنیادا دۆستی تا سەر نیە بەڵکە بەرژەوەندی تا سەر هەیە. ( ماویەتی )

.

2007-12-28hotmail.com goran954@